# کێ نەوت و گازی سووریا کۆنترۆڵ دەکات؟

25-11-2019

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** پێدەچێت شەڕی ناوخۆی سووریا بەرەو یەکلاییبوونەوە بڕوات و لە ئەنجامدا بەشار ئەسەد هەموو خاکی سووریا کۆنترۆڵ بکاتەوە. ئێستا ڕەوشی سووریا وەك ئەوەیە کە دوای شەڕ، وڵاتە ناوچەیی و زلهێزەکانی جیهان خەریکی چنینەوەی دەستکەوتەکانی شەڕبن.

عومەر ئەحمەد*|

پێدەچێت شەڕی ناوخۆی سووریا بەرەو یەکلاییبوونەوە بڕوات و لە ئەنجامدا بەشار ئەسەد هەموو خاکی سووریا کۆنترۆڵ بکاتەوە. ئێستا ڕەوشی سووریا وەك ئەوەیە کە دوای شەڕ، وڵاتە ناوچەیی و زلهێزەکانی جیهان خەریکی چنینەوەی دەستکەوتەکانی شەڕبن.

دوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند هێزەکانی لە سووریا دەکشێنێتەوە، تورکیا لە ڕۆژی 9ی تشرینی یەکەم هێرشیکردە سەر باکووری سووریا و ناوچەی نێوان گرێسپی و سەرێکانی بە درێژایی 120 کیلۆمەتر و قوڵایی 32 کیلۆمەتر کونترۆڵکرد، لە ئەنجامی ڕێککەوتنی نێوان ئەمریکا وتورکیا، کە دوای سەردانی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ تورکیا لە ڕۆژی 17 ی ئەو مانگە ڕاگەیێندرا. دوای ئەوەش لە دیداری نێوان ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا و ڤلادیمێر پووتین، سەرۆکی ڕووسیا لە سووچی، ئەوەی کە بە کارێکی نەکردەنی دەهاتە بەرچاو ڕوویداو، هەردوولا لەسەر پرسی سووریا ڕێککەوتن. ڕێککەوتنە 11 خاڵییەکەی نێوان ڕووسیا و تورکیا، بووە هۆکار تورکیا شەڕ لە باکووری سووریا ڕابگرێت، بەمەرجێك بەپێی ڕێککەوتنەکە، هێزەکانی سەر بە سووریای دیموکرات تاوەکو قوڵایی 32 کیلۆمەتر بکشێنەوە.

دوای 20 ڕۆژ لە هێرشی تورکیا، ئێستا ئەو وڵاتانەی کە هۆکاری سەرەکین لە سووریا و هێزیان لەنێو خاکی سووریادا هەیە، هەر کام بە لێکدانەوەی خۆیان دەڵێن کۆنترۆڵی نەوتی سووریایان لەدەستە.

یەکەم هەڵوێستی ئەمریکا دوای کشانەوەی 1000 سەربازی خۆی لە سووریا ئەوەبوو کە سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند، ئەوان توانیویانە نەوتی سووریا بپارێزن. تویتە بەردەوامەکانی سەرۆکی ئەمریکا لەسەر پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی سووریا هاوکاتبوو لەگەڵ وتەکانی مایك ئێسپەر، وەزیری بەرگری ئەمریکا لەسەر ئەوەی نزیکەی 400 کەس لە هێزەکانیان بە ئامێری سەربازی وەك تانك و زرێپۆش لە سووریا دەهێڵنەوە بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان.

هەڵوێستی دۆناڵد ترەمپ سەبارەت بە پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان بەتایبەتی لەکاتی گەرمەی شەڕ و کوشتن و ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ڕۆژئاوای کوردستان، بێزارییەکی زۆری لێکەوتەوە. هەندێ لە شرۆڤەکاران هەڵوێستەکانی ترەمپیان سەبارەت بە پاراستنی نەوت بە "خوێن بەرامبەر نەوت" ناوبرد و هەندێکی دیکەش بە توندی شەرمەزاریان کرد.

دوای ئەوەی ئەمریکا هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە نەوتی سووریا دەربڕی، ڕووسیا ڕەتیکردەوە کە ئەمریکییەکان بتوانن پارێزگاری لە نەوتی سووریا بکەن و ئەو مافەیان هەبێت. وەزیری بەرگری ڕووسیا گەڕاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکای بۆ ناوچە نەوتییەکان بە دزی و چەتەگەری ناوبرد.

کەرتی نەوت و گازی سووریا

بەر لە دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ، سووریا هەناردەکارێکی پووختەی نەوت بوو. خواست بۆ بەرهەمە نەوتییەکان بە بەرهەمی نەوتی خاوی ناوخۆ و دوای پاڵاوتنی لەلایەن پاڵاوگەکانی سووریاوە بەتەواوی دابیندەکراو ئەوەی دەماوە هەناردەی وڵاتانی ئەوروپی دەکرا. لە کۆتاییەکانی ساڵی 2012 و دوای پەرەسەندنی شەڕی ناوخۆی سووریا، حکومەتی سووریا کۆنترۆڵی زۆربەی نەوتی سووریای لەدەستداو، کێڵگە نەوتییەکان کەوتنە دەستی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا و داعش. سەرەڕای ئەوەش بەرهەمە نەوتییەکان بە دیاریکراوی بەنزین و گازوایل و نەوتی ڕەش تاوەکو کۆتایی ساڵی 2018 لە سووریا هەبوون. هۆکاری سەرەکی ئەوەش ئەوەبوو کە ئێران لەساڵی 2013 ەوە تاوەکو 2018 بەر لەوەی گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر نەوتی ئێران توند بکرێنەوە، بەردەوام پێداویستییەکانی سووریای بە نەوتی خاو دابیندەکرد. لەو ماوەیەدا ئێران مانگانە تێکڕا دوو ملیۆن بەرمیلی بۆ سووریا دەنارد، بەوشێوەیەش ڕێگری لە سەرهەڵدانی قەیرانی سووتەمەنی لە سووریا کرد.

لە کۆتایی 2018ەوە بەهۆی گەمارۆ توووندەکانی ئەمریکا چیدیکە ئێران نەیدەتوانی بە ئاسانی نەوت بگوازێتەوە بۆ سووریا. دیارترینیان کەیسی دەستبەسەرکردنی کەشتی ئادریان دەریای ئێرانی بوو لەلایەن بەرپرسانی جەبەل تارقەوە کە زیاتر لە 2 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەڵگرتبوو. هەرچەندە دواتر ئێران توانی بارە نەوتی کەشتییەکەی لە بەندەری بانیاسی سووریا بەتاڵبکات، بەڵام ئەوە بەو مانایە بوو کە چیدیکە بۆ ئێرانییەکان ئاسان نییە نەوتی خاو هەناردەی سووریا بکەن.

یەدەگی نەوت و گازی سووریا

بەراورد بە وڵاتە نەوتییەکانی دیکەی ناوچەکە، سووریا وڵاتێکی بچووکی نەوتییە. سەرەڕای ئەوەش کەرتی نەوت و گازی سووریا هۆکارێکی گرنگە لە داهاتی حکومەت و جێگیرکردنی دراوی ئەو وڵاتە. لە ساڵی 2010، کەرتی نەوت و گاز 35%ی هەناردەکاری سووریا و 20%ی داهاتی حکومەتی سووریای پێکدەهێنا. بەپێی گۆڤاری نەوت و گاز، تاوەکو ساڵی 2015، قەبارەی یەدەگی نەوتی سووریا 2.5 ملیار بەرمیل بووە کە بەزۆری کەوتووەتە رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی سووریا. هەروەها سووریا خاوەنی 241 ملیار مەتر سێجا یەدەگی گازە کە کەوتووەتە نێوەڕاستی ئەو وڵاتە. زۆربەی نەوتی سووریاش نەوتی قورسەو هەڵگری سۆلفۆرە کە بووەتە هۆکار بۆ ئەوەی پرۆسەی پاڵاوتنی ئاڵۆزبێت و نرخەکەشی هەرزانتر بێت.

قەبارەی بەرهەمهێنانی نەوت

تاوەکو بەر لە دەستپێبوونی شەڕی ناوخۆی سووریا، ئەو وڵاتە رۆژانە 350 هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەمدەهێنا. بەڵام لە ساڵی 2019دا قەبارەی بەرهەمهێنانی نەوت لە سووریا دابەزی بۆ 24 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا کە یەکسانە بە 20% تاوەکو 25%ی کۆی پێداویستییەکانی ئەو وڵاتە بە نەوتی خاو.

بەهۆی گوشار و گەمارۆ هەمە لایەنەکانی ئەمریکا و ئەوروپا و بەریتانیا لەسەر سووریا، لە ساڵی 2011ەوە دەیان کۆمپانیای چینی و هیندی و ئەوروپی و رووسی ئەو وڵاتەیان بەجێهێشت، لەبەرئەوەش کەرتی نەوت و گازی سووریا بەدرێژایی شەڕی ناوخۆ زیانێکی گەورەی بەرکەوت.

سەرەرای کەمی سەرچاوەکانی نەوت و گازی سووریا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە نەوتییە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە، بەڵام دوای دۆزینەوەی بڕێکی بەرچاو لە گازی سرووشتی لە کەنارە ئاوییەکانی ئیسرائیل، ئێستا پێشبینیدەکرێت لە کەنارە ئاوییەکانی لوبنان و سووریاش بڕێکی زۆر گازی سرووشتی هەبێت کە بەتایبەتی بووەتە هۆی راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان.

هەناردەکردنی نەوتی سووریا

لە ساڵی 2010 هەناردەی نەوتی سووریا رۆژانە نزیکەی 110 هەزار بەرمیل بووە و لە رێگەی هەرسێ بەندەری بانیاس، تەرتوس و لازقیە لەلایەن کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی و گواستنەوەی سووریا هەناردەی وڵاتانی ئەوروپی کراوە. زیاترین نەوتی سووریا هەناردەی ئیتالیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا و نەمسا کراوە و، 5%ی نەوتی سووریاش هەناردەی تورکیا کراوە.

بۆرییەکانی نەوت و گاز

بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە، سووریا بەردەوام وڵاتێکی گرنگ بووە بۆ وڵاتانی دیکە و چاویان لەسەر بووە بۆ ئەوەی نەوت و گازی خۆیان لە رێگەی ئەو وڵاتەوە بگوازنەوە بۆ دەریای نێوەڕاست و لەبەرئەوەش بووەتە گۆڕەپانی شەڕی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان.

لە ساڵی 2012، یادداشتێکی لێکتێگەیشتن لەنێوان هەرسێ وڵات ئێران و عێراق و سووریا واژۆکرا بۆ ئەوەی گازی ئێران لە رێگەی عێراق و سووریاوە هەناردەی دەریای نێوەراست و بازارەکانی جیهان بکرێت. ئەم رێککەوتنە نە تەنیا نیگەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لێکەوتەوە، بەڵکو هەر یەکە لە سعودیە و قەتەر و تورکیا بە هێڵی سووری خۆیان ناوزەدیان کرد.

دژایەتی تورکیا بۆ ئەو پرۆژەیە ئاشکرایە لەبەرئەوەی نایەوێت رۆڵی ئەو وڵاتە وەك ناوەندێکی گەورەی گواستنەوەی وزە بۆ ئەوروپا کاڵبێتەوە. گەورەترین کێڵگە گازییەکانی قەتەریش لەگەڵ کێڵگە گەورەکانی ئێران لە راستیدا هاوبەشن و لەژێر کەنداوی فارسدا پێکەوە پەیوەستن. لە بەرژەوەندی قەتەر نییە کە گازی ئێران بە بۆڕی بگوازرێتەوە بۆ ئەوروپا. ئێران سەرەڕای پەیوەندی باشی سیاسی لە بازاڕی وزە و گازی سرووشتی، رکابەری سەرەکی قەتەرە.

تورکیا لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا هەوڵیداوە خۆی وەك گرنگترین رێرەوەی گواستنەوەی وزە بزانێت لەنێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا و

نایەوێت بە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، سووریا ببێتە رێرەوێکی نوێی گواستنەوەی وزە و رکابەری بکات.

زۆر ئاشکرایە کە گواستنەوەی سامانی گازی ئێران بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا راستەوخۆ زیان لە بەرژەوەندییەکان و پلەی سعودیە دەدات لە بازاڕی وزەشدا.

دژایەتی توندی ئەو وڵاتانە بۆ ئەم پرۆژەیە لەبەرئەوەیە ئەوان پێیانوایە رەنگە ئەوروپییەکان سەرئەنجام دوای هێوربوونەوەی رەوشی سووریا، پێشوازی لەم پرۆژەیە بکەن.

جگە لە شەڕی بۆڕییەکانی گاز لە دەرەوەی سووریا، لەناوخۆی سووریاش وڵاتانی ناوچەو زلهێزە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەدەستهێنانی سامانی نەوت و گازی سووریا بەردەوام لە ململانێدان. ئەمریکا، رووسیا، تورکیا و ئێران ئەو لایەنە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەن کە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەستیان بردووە بۆ سامانی نەوت و گازی سووریا.

پێگەی هەسەدە

هێزەکانی سووریای دیموکرات(هەسەدە) ، ئێستا کۆنترۆڵی زۆربەی سامانی نەوت و گازی سووریایان لەدەستدایە. سەرەڕای لەشکرکێشی تورکیا بۆ باکووری سووریا و گرتنی رووبەرێکی بەرفراوان و، تەنانەت هاتنی سوپای سووریا و رووسیا بۆ سەر سنووری نێوان تورکیا و سووریا، هێشتا 95%ی سامانی نەوت و گازی سووریا لە دەستی هێزەکانی هەسەدەدایە، بە (کێڵگەی عومەر)یشەوە کە گەورەترین کێڵگەی نەوتی سووریایە. کێڵگە نەوتییەکانی ژێر دەستی هەسەدە تاوەکو بەر لە شەڕی ناوخۆی سووریا، رۆژانە 378 هەزار بەرمیل نەوت و 7.8 ملیار مەتر سێجا گازیان لە ساڵێکدا بەرهەمدەهێنا. هەموو یەدەگی 2.5 ملیار بەرمیل نەوتی سووریاش هەر لە دەست ئەمریکاو هەسەدەدا ماوەتەوە.

جگە لەوەش هەسەدە کۆنترۆڵی وێستگەی گازی کۆنۆکۆی بەدەستەوەیە کە گەورەترین وێستگەی گازی سووریایە کە لەلایەن کۆمپانیای گەورەی نەوتی ئەمریکی کۆنۆکۆ فلیپس دامەزراوەو تاوەکو 2005 هەر لەلایەن ئەو کۆمپانیایەوە بەڕێوەدەبرا. بەڵام بەهۆی سەپاندنی گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەردەمی جۆرج دەبلیو بوش، کۆمپانیا ئەمریکییەکە وازی لەو وێستگەیە هێنا و سووریای بەجێهێشت.

مانەوەی کۆنترۆلی کێڵگە نەوتییەکانی سووریا لەدەست هێزەکانی هەسەدەدا گرنگە بۆ داهاتووی سیاسی کورد لە سووریا، لانیکەم تاوەکو ئەوکاتەی حکومەتی سووریا بەوە رازی دەکەن کە بە چەشنێك لە چەشنەکان مافی ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبردن بدرێتە کورد.

لە راستیدا لەکاتی سەرهەڵدانی قەیرانی سووتەمەنی لە سووریا، هەسەدە رێککەوتنێکی لەگەڵ حکومەتی سووریا هەبوو و ناڕاستەوخۆ نەوتی دەنارده پاڵاوگەکانی سووریا.

پێگەی ئەمریکا

سەرەڕای کشانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ئەمریکا، بەڵام سەرۆکی ئەمریکا زۆر بە راشکاوی رایگەیاندووە کە دەستبەرداری نەوتی سووریا نابن و بۆ ئەو مەبەستەش هێزەکانی ئەمریکا دەنێرنەوە بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان. زۆر کەس بە گومانەوە دەڕواننە ئەم هەنگاوەی ئەمریکا. تائێستا ئەمریکا گەڕاندنەوەی هێزەکانی بۆ نزیك کێڵگە نەوتییەکان بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە نایەوێت ئەو کێڵگە نەوتییانە بکەونەوە دەست داعش. لە هەندێ تویتی دۆناڵد ترەمپیشدا وادەردەکەوێت کە سەرۆکی ئەمریکا بەنیازە کورد بگوازێتەوە بۆ ناوچە نەوتییەکان و، جەخت لەوە دەکاتەوە کە داهاتی ئەو کیڵگانە بەشێکی لێ گلدەداتەوە بۆ دابینکردنی خەرجییە سەربازییەکانی هێزەکانی ئەمریکا کە لە سووریا دەمێننەوەو ئەوەی دیکەش دەداتە کورد.

ئیلهام ئەحمەد، هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ناوندی ئەتلانتیك، لەوبارەوە دەڵێت" پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان نابێ لەسەر حیسابی ئاوارەبوونی کورد لە خاکی مێژوویی خۆیان بێت. گونجاو نییە کورد لە شوێنی خۆیان بگوازرێنەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە. ئەمە پاکتاوکردنی رەگەزییە."

پاشەکشەی ئەمریکا لە باکووری سووریا و پاشان ناردنەوەی هەندێکیان بۆ نزیك کێڵگە نەوتییەکان، لەوە ناچێ هیچ ستراتیژی، تاکتیك یان لۆژیکێکی تێدابێت. ئەمە بەڕوونی لە تویتێکی دۆنالد ترەمپ دا دەردەکەوێت کە دەڵێت " ئێمە هێز دەنێرینەوە بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان و پاشان دەبێ لە داهاتوودا بریار بدەین کە چ لەو نەوتە بکەین."

یەکێك لە درووشمەکانی دۆنالد ترەمپ لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا بەردەوام ئەوەبوو کە دەبێ نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست کۆنترۆڵ بکەین. ترەمپ بەردەوام رەخنەی لەوە دەگرت کە ئەمریکا چووە شەڕی کردووە و سامان وڵات و گیانی سەربازانی بەختکردووە، بەڵام سەرئەنجام هیچ دەستکەوتێکی نەبووە. ئەو پێیوایە دوای هەر شەڕێك وەك ئاماژە بە شەڕی عێراق دەبووایە ئەمریکا دەستی بەسەر نەوتەکەیدا گرتبایە. لەبەرئەوەیە پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان وەك جێبەجێکردنی بەڵێنێکی خودی دۆناڵد ترەمپ تەماشا دەکرێت کە داویەتییە دەنگدەرەکانی.

لەلایەکی دیکەوە بەپێچەوانەی کۆمپانیا رووسییەکان، کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا کۆمپانیای تایبەت و سەربەخۆن و کەمتر دەکەونە ژێر کاریگەری سیاسەتەکانی حکومەتەکەیان. بۆ نموونە ئەوکاتەی لە ساڵی 2010 ئێکسۆن مۆبیل هاتە هەرێمی کوردستان و وەبەرهێنانی لە 6 بلۆکی نەوتیدا کرد، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نەتەنیا ئاگاداری ئەوە نەبوو، بەڵکو دژی هاتنی کۆمپانیاکە بوو بۆ هەرێمی کوردستان. لەبەرئەوە ئەستەمە کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل یان هەر کۆمپانیایەکی دیکەی ئەمریکی لەو هەلومەرجەدا بەو هەموو ریسکە جیۆسیاسییەی کە هەیە بچێتە سووریا و لەو وڵاتە کاربکات. لە راستیشدا ئەوکاتەی کە رێکس تێلێرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لێکۆڵینەوە لەسەر نەوتی سووریا دەکات و بۆ سەرۆکی ئەمریکای دەنێرێت، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئەوەبووە کە هیچ رێگەیەکی کردەیی نییە کە کۆمپانیایەکی ئەمریکی بتوانێ لە سووریا کاربکات و ئەو نەوتەی کە دەردەهێنرێت بکاتە پارە.

ئەمریکا بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا لە مانگی رابردوودا بووە هەناردەکارێکی پووختەی نەوت و، وەك جاران پێویستی بە نەوتی سووریا و کێڵگە نەوتییە گەورەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کەنداویش نەماوە. نەوت چیدیکە ئەو هۆکارە جیۆپۆلیتیکییە گرنگە نییە بۆ ئەمریکا.

رێککەوتنی رووسیا و سووریا لەسەر نەوت و گاز

لەسەرەتای ساڵی 2019 ، رووسیا و حکومەتی سووریا رێککەوتنێکی بەرفراوانیان لە بواری وزەدا واژۆکرد. بەپێی رێککەوتنەکە، رووسیا دەسەڵاتی تەواوی پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی نەوت و گازی سووریای پێدراوە. ئەم رێککەوتنە بەرفراوانە هەموو لایەنێکی کەرتی نەوت و گازی سووریا دەگرێتەوە وەك نۆژەنکردنەوەی سەکۆ نەوتییەکان و ژێرخانی وزە و تەنانەت پێدانی راوێژ و راهێنانی هێزی کاری ئەو وڵاتە. پێشبینیدەکرێت نۆژەنکردنەوەی کەرتی نەوت و گازی سووریا هێندە ئاسان نەبێت و تێچوویەکی زۆر هەڵگرێت. سندووقی نێودەوڵەتی دراو لە ساڵی 2015 دا پێشبینیکردووە ئەم کارە 27 ملیار دۆلاری تێبچێت.هەرچەندە هەندێ لایەن پێیانوایە نۆژەنکردنەوەی کەرتی نەوت و گازی سووریا 35 تاوەکو 40 ملیار دۆلاری تێدەچێت. ئەم بڕە پارە زۆرە پێویستە بۆ نۆژەنکردنەوەی تەواوی ژێرخانی نەوت و گاز بە بۆڕی و چاڵە نەوتییەکان و وێستگەکانی بەرهەمهێنانیشەوە.

رووسیا ئێستا کۆنترۆڵی کێڵگە گازییەکانی نزیك پالمیرای بەدەستەوەیە، بەڵام تائێستا دەستی نەگەیشتووەتە کێڵگە نەوتییەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەسەدە. هەرچەندە دوای ئەوەی هەسەدە رازیبوو بە رێککەوتنی نێوان ئەردۆغان و پووتین لەسەر پرسی سووریا، رەوشەکە دەتوانێ بەتەواوی بگۆڕدرێت. دیارە ئەگەر هەلومەرجێك برەخسێت بۆ گەڕانەوەی حکومەتی سووریا بۆ کێڵگە نەوتییەکانی رۆژهەڵاتی فرات، ئەوا رووسیا دەتوانێ لە داهاتوودا رێککەوتنەکەی لەگەڵ حکومەتی سووریا بۆ پەرەپێدانی سامانی نەوت و گازی سووریا جێبەجێبکات.

پێگەی هەرێمی کوردستان

دوای ئەوەی لە ساڵی 2014 داعش هێرشیکردە سەر عێراق و رووبەرێکی زۆری لە خاکی عێراق داگیرکرد، زۆربەی ئەو کۆمپانیا نەوتیانەی لە ناوچە کێشە لەسەرەکان کاریان دەکرد و لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان مۆڵەتیان پێدرابوو، لە بلۆکە نەوتییەکانیان کشانەوە. تاوەکو ساڵی 2018 دوو گەورە کۆمپانیای نەوتی ئەمریکی واتە شێڤرۆن و ئێکسۆن مۆبیل وازیان لە کێڵگەکانی خۆیان لە هەرێمی کوردستان هێنا و باشووری عێراقیان لەجیاتی هەرێمی کوردستان هەڵبژارد و سامانەکانی خۆیان لە هەرێمی کوردستان فرۆشت. بەڵام لە کۆتاییەکانی ساڵی 2017، کۆمپانیای رووسنەفت بووە یاریکەری سەرەکی لە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان. کۆمپانیای رووسنەفت کە بە کۆمپانیای حکومی رووسیا دەژمێردرێت لەگەڵ کۆمپانیای گازپرۆم نەتەنیا بەردەوامن لە کارەکانیان، بەڵکو قەبارەی وەبەرهێنانەکانیشیان لە هەرێمی کوردستان فراوانکردووە. وەبەرهێنانی گەورەی رووسنەفت و گازپرۆم لە هەرێمی کوردستان بەو واتایە کە رووسیا یاریکەری سەرەکییە لە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان. بەتایبەتی کۆمپانیای رووسنەفت کە زۆربەی پشکی بۆڕی نەوتی کوردستان-جەیهانی بەدەستەوەیەو بڕیاریشە بۆڕی گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستان راکێشێت، جگە لە کارکردن لە پێنج بلۆکی نەوتی لە هەرێمی کوردستان کە سێ لەو بلۆکانە لە پارێزگای دهۆکن و نزیکن لە سنووری

سووریا.

باڵادەستی رووسیا لە کەرتی نەوت و گازی سووریاش بەتەواوی ناوچەیەکی گەورەی دەوڵەمەند بە نەوت و گاز هەر لە عێراقەوە تاوەکو سووریا بۆ ئەو وڵاتە مسۆگەر دەکات. رووسیا رێرەوێکی گەورەی بۆ دەکرێتەوە بەرەو کەنارە ئاوویەکانی دەریای نێوەڕاست کە دەوڵەمەندن بە گازی سرووشتی. ئەم رێرەوە گرنگە دەتوانێ جێگرەوەیەکیش بێت بۆ گواستنەوەی سامانەکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستانەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان. لەلایەکی دیکەوە قەتەر و ئێران دوو وڵاتی گەورەی دەوڵەمەندی گازی سرووشتین و هەر کامەیان پلانی هەبووە بۆ راکێشانی بۆڕی لە کێڵگە گازییەکانیانەوە بۆ بازاڕی ئەوروپا کە بە خاکی سووریادا تێدەپەڕن. باڵادەستی مۆسکۆ لە کەرتی نەوت و گازی سووریا، پلانی بۆڕییەکانی گازی رکابەرە سەرسەختەکانی هەڵدەوشێنێت.

بوونی رووسیا لەودیو سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لە سووریا وادەکات هەرێمی کوردستان بەشێکی سەرەکی بێت لە ستراتیژی رووسیا بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو رێرەوە گرنگە نوێیەی کە بەرەو دەریای نێوەڕاست بۆی کراوەتەوە. ئەمە دەتوانێ وەبەرهێنانی کۆمپانیا رووسییەکان لە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان زیاتر و پتەوتر بکات.

هەروەها مانەوەی کۆنترۆڵی سنووری نێوان هەرێمی کوردستان ورۆژئاوای کوردستان بەوشێوەیە کە مەزڵووم کۆبانی، فەرماندەی هێزەکانی سووریای دیموکرات رایگەیاندووە، ئەگەر رووسیا لەسەری رازی بێت، ئەوا دەرگا بۆ هاوکارییەکی بەرفراوان لەنێوان هەرێمی کوردستان و رۆژئاوای کوردستان لە داهاتوودا لە کەرتی وزە دەکاتەوە. هەرێمی کوردستان دەتوانێ یارمەتیدەر بێت بۆ گواستنەوەو بەبازاڕکردنی نەوتی سووریا لە ماوەی کورتخایەندا.

لەلایەکی دیکەوە، تورکیا ئێستا تەنیا دەروازەی هەرێمی کوردستانە بۆ گەیاندنی سامانی نەوت و گازی خۆی بۆ بازاڕەکانی جیهان. بەڵام ئەگەر دوای ئەوەی ئارامی گەڕایەوە بۆ سووریا و شەڕی ناوخۆی سووریا کۆتایی پێهات و قۆناخی ئاوەدانکردنەوە دەستپێکرد. بەهۆی هەژموونی رووسیا لەسەر نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و سووریا ، هەرێمی کوردستان دەتوانێ ببێتە هاوبەشێکی گەورەی رووسیاو پەیوەندییەکانی لەگەڵ رووسیا لە بواری وزە بە چەشنێك بەرفراوان بکات کە خاکی سووریا ببێتە جێگرەوەیەکی گرنگ بۆ گەیاندنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕەکانی جیهان.

هەرچەندە سووریا بە بەرهەمهێنەرێکی گرنگی نەوت و گاز دەژمێردرێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەڵکەوتە جوگرافییەکەی لەبەرئەوەی توانای هەیە ببێتە ناوەندێکی گەورە بۆ گواستنەوەی نەوت و گازی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا، هەڵکەوتەیەکی ستراتیژی و گرنگە.

لەلایەکی دیکەوە دۆزینەوەی بڕێکی بەرچاو گازی سرووشتی لە وڵاتانی کەناری دەریای نێوەڕاست وەك ئیسرائیل و قوبرس، ئەگەری ئەوەی زیندووکردووەتەوە کە لە کەنارە ئاوییەکانی سووریاش بڕێکی بەرچاو گازی سرووشتی هەبێت. تەنانەت تورکیاش خەریکە لە کەنارە ئاوییەکانی خۆی بەدوای نەوت و گازدا دەگەڕێت و ئەوەش هەستیارییەکی زۆری لەلایەن یەکێتی ئەوروپا دروستکردووە لەبەرئەوەی ئەو شوێنانەی کە تورکیا تێیدا لە دوای نەوت و گاز دەگەڕێت، نزیکە لە کەنارە ئاوییەکانی قوبرس.

دۆزینەوەی گاز لە ئیسرائیل و قوبرس کە لە هەردوو وڵاتدا گەورەترین کۆمپانیاکانی نەوت و گازی جیهان کاری دۆزینەوە و پەرەپێدانی تێدا دەکەن، رێرەوێکی نوێی دروستکردووە بۆ دابینکردنی گازی ئەوروپا. وەزیری وزەی ئیسرائیل بەردەوام هەوڵیداوە ئەورپییەکان رازی بکات بۆ راکێشانی بۆڕییەکی گاز لە ئیسرائیل و قوبرسەو بۆ یۆنان و پاشان وڵاتانی دیکەی ئەوروپایی. لەراستیدا سەرچاوەکانی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان لە سەرچاوەکانی گازی قوبرس و یۆنانیش گەورەترن. نزیکی سەرچاوەکانی گازی هەرێمی کوردستان و پەیوەستکردنی بە سەرچاوەکانی ئیسرائیل و قوبرس هەرچۆن بۆ رێرەوە گرنگەکانی دیکەی دابینکردنی گازی ئەوروپا گرنگن، بۆ ئەم رێرەوە نوێیەش کە رێڕەوی ئیسرائیل-قوبرس-یۆنانە، جێگەی بایەخێکی گەورەیە. هەبوونی بژاردەی زیاتر بۆ بەبازاڕکردنی گاز، پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دانوستاندنەکاندا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەهێزدەکات، ئەگەر بڕیاریدا گازەکەی هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکات. رووسیاش بەهۆی ئەو پشکە گەورەیەی لە گازی هەرێمی کوردستاندا هەیەتی و لە سووریا دەیبێت، دەتوانێ بەشداربێ لە دروستبوونی رێڕەوە نوێیەکانی گواستنەوەی گازی سرووشتی بۆ ئەوروپا و لەو رێگەیەشەوە باڵادەستی خۆی بپارێزێت لە بازاڕی گازی ئەوروپادا.

*بەرپرسی دێسکی ئابوورییە لە نیوزڕوومی تۆڕی میدیایی رووداو، ئەو لێکۆلینەوەیەی بەتایبەت بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو نووسیوە.